# دەبێ تاچەند لەڕاپۆرتەکەی ( بێکەر _ هاملتۆن ) و ستراتیجیەتی نوێی ئەمریکا بترسین ... ؟

**هەورامان علی تۆفیق**
Berzi-san@web.de

ستراتیجیەت و ئەو هەوڵانەی کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەعێراق بەتایبەت دەیدەن لە دیدونیگای بەرژەوەندیە گشتیەکانی ئەمریکایەوە بەپلەی یەکەم دێن , ئەو پرۆسە ئازادیەی عێراق چەند بۆ خەڵکی عێراقی بوو ئەوەندە بۆبەرژەوەندی ئەو وولاتانەبوو کە مەبەستیانە دەست بەسەر سەروەت و سامان و داهاتەکانی دابگرن و لەڕوی سیاسیەوە هاوبیرو ژێرکۆنترۆلی خۆیان بێت و دواترین ئەو ستراتیجیەتە گەورەی کە مەبەستی ناوچەکەیە بە عێراقیشەوە .. لێرە گرنگ ئەوەیە لە پێگەی ئەم ستراتیجیەتەدا ئێمەی کورد جێگامان یان بوونمان لەکوێدایە ..؟ ئایندەمان بەروکوێ دەچێت ..؟ لەبەرژەوەندی ماندایە یان دژی بەرژەوەندیەکانی ئێمەیە ..؟ هەمان شکست وپشگوێ خستنانەی لەمێژوومان‌دا دووبارەدەبنەوە یان نا ..؟ یان سەرکردەکانمان و ئەوانەی ڕەوتی سیاسی ئێمە بەڕێوەدەبەن لەبری بەرژەوەندیەکانی خۆیان و مانەوەیان لەسەر کورسی , نەتەوەکەیان و بەرژەوەندیە گشتیەکانیان لەبیر دەمێنێ ..؟ یان ئەوەتا بەپێچەوانەی فکرو بۆچوونەکانی ئێمەوە ئەوەی بیری لێدەکەینەوە ڕاستی بۆنیە .. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لەستراتیجیەت و پلانی کاربۆکراو لەم ناوچەیەدا ڕەگوڕیشەی داکوتراوی مێژینەی خۆیی هەیە لەناوچەکەدا , بەواتا ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێت دەمێکە پلان و خواستی بەئەنجام گەیاندنی هەیە بەڵام کات و ساتەکان لەبارنەبوون .. کوردیش هەموو کات کارتێک بووە و هەمیشە لەوکاتانەی کە پێویست بووە یاریان بەفکرو بۆچوون خواستەکانیەوە کردووە . کەسایەتی کورد کە ڕەنگە هەموو یەکێک لەئێمە ڕۆژگارێک ئەوە بەخەیاڵماندا هاتبێت کە دووژمنی دوژمنەکەمان دەبێتە دۆستمان بەڵام دۆستێکی کاتی یان بەبەرژەوەندی , کە ئەوکات دەبێ ئێمەش بەگوێرەی بەرژەوەندیەکان و وەک هەمان هەڵوێستی ئەو ڕەفتاربکەین و تەنها بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان لەپێش کارو بەرنامەی جێ بەجێ کراودابن ,ئێران وسوریا و تورکیا و کۆریای باکور و کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین و عەرەب و گرفتیە ناوخۆییەکانی دەوڵەتە عەرەبیەکان لەناوچەکەدا و کێشەی لوبنان و شەڕی نەوت و داهات و زۆر شتی دی کەڕەنگە لە فکرو بیری ئێمە زۆر زیاتربن و تەنانەت نەشیان بینین , ئەمانە هەموو یان سەرەڕای گرفتی لەمێژینەی کورد وەک نەتەوەیەک کە هیچی لەفەلەستین کەم ترنیە کەهەموو دەوڵەتە عەرەبیەکان و ڕای گشتی عەرەبی لەگەڵیان دان و تابەئەمڕۆ دەگەین تەنها هەنگاوێکی ئیجابیان نەناوەو هەموو لەژێرەو لەگەڵ ئیسرائیل ڕێککەوتوون و فەلەستینیان بەرەڵاکردووە . بەو پێ یە بەهیواوە بووین ڕۆژێک دۆستایەتیمان لەگەڵ دەوڵەتێکی وەک ئەمریکا یان ئیسرائیل دا هەبێت بەبێ پێچووپەناو بەشێوەیەکی ئاشکرا , ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی ئەمانە بەدوژمنی دوژمنەکانمانیان دەزانین و بەهیوای ئەوەی کە بەشکەم لەم ڕێگایەوە بە کەمێک ئازادی و مافی زەووتکراوی خۆمان بگەین , چۆن ڕۆژگارێک بەشان و باڵی ئەو سۆڤیەتە گەورەیەماندا هەڵدەداو خۆمان کردبووە کوڕی لینین و ستالین و پەیڕەوی سیاسەت و بەرنامەکانیان مان دەکرد و بەوولاتێک مان دەزانی کە خەمخۆری نەتەوە چەوساوەو ژێردەستەیەو دەرگایەکە بۆ شۆڕشە پێشکەوتن خوازەکانی دوونیا بەڵام نەک وادەرنەچوو بەڵکو زۆر بەپێچەوانەشەوە , ئەمەش شکەستێکی تری سیاسی و فکری کەسایەتی کورد بوو , ئەوەش لەئەنجامی بڕوانەبوون بەخۆمان و تواناکانمان و نەبوونی پلان و بەرمانەی درێژخایەن و ستراتیجییەتێک کە بەرژەوەندیەنەتەوەییەکان تێیاندا دەست نیشان بکرێن ..

بۆ ئەمریکا حساب بۆ کورد ناکات , یان بەشێوەیەکی تر ئەو ڕاپۆرتەی بێکەر و هاملتۆن ئەگەر وەک دەڵێن ڕاپۆتێکی فەرمی نیە , بەڵام لەبیری نەکەین ڕاپۆرتێکە دەکرێ فکرو بۆچوونەکانی وەربگیرێن و ئەوانەی ئەم کارەشیان کرد کەسانێک بوون کەلەسیاسەتی ئەمریکا دەوریان هەبووە تائێستاش ماوە و دەتوانن کاریگەریان هەبێت , چونکە ئەو ڕاپۆرتە لەبەربەرژەوەندی ئەمریکاو ڕزگارکردنی لەو گێژاوەسیاسی و سەربازییەی کە لەعێراق دا تێیکەوتووەهاتووەتە ئاراوە , بۆیە دەشێ کەم تازۆر پەیڕەوی لەسەر ئەو ڕاپۆرتە بکرێت بەپێچەوانەی ئەوەی لەڕاگەیاندنەکانەوە باسی لەسەردەکرێ چونکە ئەو ڕاپۆرتە لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەکانی ناوچەکە نەگوونجاوەو زۆر دەنگی ناڕەزایی بەرامبەری بەرزبوونەوە , بۆیە ئاساییە ئەو گرژیە کەم بکەنەوە و ئەوانەی ڕاپۆرتەکە ادژیانە هێووریان بکەنەوە بەڵام ئەوەی ئەوان بەڕاستی دەزانن ئەنجامی دەدەن ..

کەس نالّێت بائێمە دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکا نەکەین بەڵام لەگەڵ ئەو دۆستایەتیەدا بەرنامەو داواکاریەکان بەڕاشکاوی بەبێ شەرم کردن ئەگەر بەئەنجام گەیاندیان درێژخایەن بێت بەڵام کۆنکرێتی بن و ترسی پاشگەزبوونەوەیان لەسەر نەبێت . ئەم دۆستایەتیەش بەو ئاسانیە نابێت چونکە ئەمریکا دەوڵەتێکی زل هێزی دوونیایە و لەسەر ئاستی جیهانی گەورەدا دۆستایەتی و هاوپەیمانیەتی هەیە و خاوەن ستراتیجیەتی خۆیەتی و ئێمەی کورد دەبێ خاوەن ئەو مواسەفاتانەبین کە بەشێوەیەک بپاڵێورێین بۆ ئەم دۆستایەتی . بەدۆستایەتی ئێمە دەبێ دۆستی دی لەناوچەکەدا لەدەست بدات وەک تورکیا .. ئایا ئێمەی کورد دەتوانین وەک ئەو دۆستایەتی و بەرژەوەندیە هاوبەشانەی نێوان تورکیا و ئەمریکا دروست بکەین ئەو ئاستە کاریگەریەمان ببێ وەک ئەو دۆستە هەمیشەییە بمێنینەوە بتوانین بەرژەوەندیەکانی بپارێزین ... ؟ ڕەنگە بەو ئاسانیە نەبێت و ئەمەش ماوەیەکی زۆری بووێ بەتایبەت کورد دەبێ ئاستی ناخۆیی زیاتر پتەو بکات کە بەیەکەم کۆڵەکەی هەنگاوەکانی دەبێ . دووەم بەدیارخستنی ئەو قورساییە لە عێراق دا هەمیشە لەبری ئەوەی هێورانە و لەسەرخۆ ڕەفتاردەکرێت گرنگە لەپاڵیشیا توندی و بەدیارخستنی هێز, ئەگەر بەشەڕیش نەبێت دەتوانرێ ئەوە ئەنجام بدرێت لەڕوی یاسایی یەوە , ڕای گشتی جەماوەر هەمیشە پێشڕەو بێت و گرنگی دان بەوناوچانەی کە دەبێ بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و وەلانانی پێش بڕکێی حزبایەتی لەو ناوچانەدا وەک چۆن لەدوای ڕاپەڕین لەکوردستان ئەنجام درا و دەرەنجام شەڕی براکوژی کە بووە هۆی دواخستنی برۆسەی سیاسی کورد و لاوازکردنی و تەنانەت تائەمڕۆش لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەکاریگەری خۆیی ماوە .

وەک ووتم ڕاپۆرتەکەی بێکەر هاملتۆن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکایە لەناوچەکەدا ئەگەر ئێمەش توانینمان ئەو دۆستایەتیە بچەسپێنین ئەوەی لە ڕاپۆرتێکی ترو لەستراتیجیەتێکی ترا پێگەمان لەسەر بنەمایی ئەو دۆستایەتیە دیار دەبێت بەپێچەوانەی ئێستەوە .. کەواتە دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ لێرەدا بزانین کە ئەمریکا چی لەئێمە دەوێ و ئەو کاتیش ئێمە بەهەمان شێوە چی لەئەمریکا دەخوازین ..؟ ئەمە خاڵی ستراتیجی یە لەدروست بوونی ئەو پەیوەندیە کە ڕەنگە لێرەدا کورد هەڵوێستەیەکی هەبێت و نەتوانێ بەو شێوە ڕاشکاویە خواستەکانی دەربڕێ ئەویش دەرەنجامی ئەو ترسە هەمیشەییەی کە هەمانە لەوەی کە دووبارە مافەکانمان پێشێل نەکرێنەوە ئەوەی بەدەستمان هێناوە لێمان نەسەننەوە .. بۆیە ئاساییەهەندێ جار ڕوون نەبوونی داواکاریەکانمان و پاشگەزبوونەوە لێیان یان بێدەنگ بوون ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراق و گرفتی نێوان عەرەبەکانی شیعەو سوونە و دەست تێوەردانی ئێران و سووریاو وولاتانی دی عەرەبی کە تورکیاش بەو مەسەلەیە همیشە دەمارگیرەو زوو زوو ڕاگەیاندنی توندو جۆراو جۆر دژبەکورد بلاّودەکەنەوە ئەوەش دەرەنجامی ئەوەیە کە ناتوانن وەک ئەوەی ئێران و سوریا ئەنجامی دەدات ئەوانیش ئەنجامی بدەن .

کێشەی نەوت و داهات دووبارە گرفتێکی ترە کە کورد بەدەستیەوە دەناڵێ و ئەوەش مافێکی سروشتی خۆیەتی و ئەو نەوتەی کە چەندین ساڵە دژ بەکورد بەکاردەهێنرێت و کوردی پێ دەکوژن با ئەمڕۆش ئەو داهاتە بگەڕێتەوە بۆ کورد , تابتوانێ ئاستی ئابووری خۆیی بنیادبنێتەوە و خۆیی بگەیێنێتە ئاستێک کە بۆ دۆستایەتی ئەو زلهێزانە بشێیت . بەڵام لەم میانەوەشە کە وەزری دەرەوەی ئەمریکا دوایەمین سەردانی کەوا لەناوچەکەدا دەستی پێکردووە بەئاشکرا ڕایگەیاندووە کە کورد بۆیی نیە ڕەفتاربە نەوتی هەرێمی کوردستانەوە بکات چونکە دەبێ ئەوە لەچوارچێوەی عێراقی مەرکەزی دابێت و ئەو پڕۆتۆکۆلانەش کە ئەنجام دراون کاریان پێناکرێت واتە ناڕەزایی خۆیان نیشان دا .. هەمان هەڵوێستیان وەرگرت کە دوژمنانی کورد ئەمڕۆ لەعێراق دا هەیانە و نایانەوێ کورد بەمەرامەکانی خۆیی بگات ..

ئەی لێرەدا کورد تاچەند دەتوانێ بەرپەرچی لەم شێوە هەڵوێستانە بداتەوە و ئەو کارتەی کە بەدەستیەوەیەتی چیە ..؟ تابتوانێ ئەوانەی دژ بەمافەکانی دەوەستن لەجێگای خۆیاندا ڕایانگرێ بەتایبەت دەسەڵاتی عێراقی , ئەو دەسەڵاتەی کەکورد بۆخۆیی بەشدارە تێیدا ملکەچ بێت بەداواکاریەکانی کورد .. یان ئەگەر پرسی کەرکوک بەئەنجام نەگەیشت و وەک ئەوەی کە تورکیا دووپاتی دەکاتەوە بە گەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان دەستەوەستان نابێت و دێتەناوو کوردستانەوە . ئەگەر ئەمە ڕاستیشی بۆ نەبێت بەڵام زەنگێکی ترسناکەو دەبێ حسابی بۆبکرێت .. کەواتە لێرەدا مافی خۆمانە گەر بەترسەوە لەدەرەنجامەکانی ڕاپۆرتەکەی بێکەر هاملتۆن و ستراتیجیەتی نوێ ئەمریکا بڕوانین و لەڕوانگەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانمانەوە سەیریان بکەین .